**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٣ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩)لە ٢٠١٠/٦/٢٧ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**بڕیاری ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٠ی**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٩)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ی پەرلەمانی کوردستان– عێراق بڕیارماندا بە :–

**یەکەم :** پەسند کردنی حسابی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٩)
**دووەم :**ئیقرار کردنی پێشنیارەکانی لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان – عێراق .
**سێیەم :**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان چی پێویستە لەسەر ناوەڕۆکی بڕگەی دووەمی سەرەوە ئەنجامی بدەن .
**چوارەم:**ئەم بڕیارە لە ڕۆژی وەرگرتنیەوە (تبنیە) لە ٢٠١٠/٦/٢٨ جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بلاْودەکرێتەوەی .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان _ عێراق**

هەولێر
٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی
١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی
٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد